www.kurdistannet.org
5-2-2006 0:47 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە پالتاک مایک ئازادە. . . رزگار کۆچەر

پاش ئەوەی برادەرێكم باسی ژورەكانی پالتاكی بۆ كردم هەوەس دای گرتم و بەناوێكی خوازراو خۆم خستە یەك لە ژورەكان كە سەرەتاكەی بەناوی كوردستان چایەخانەی. . . . . . . . دەستی پی دەكرد. . . .
هەر لەگەل دەركەوتنی ناوە خوازراوەكەم بە جوێنێكی ناشیرن و تازە بابەت پێشوازی لێكرام و كابرای مایك لە دەست گوتی هەی. . . . . . . . . . . . . ئەوەم بە ئەوەی. . . . . . . . زوو خۆتمان پی بناسێنە خەلكی كام شاری؟؟؟

منیش ئەو كاتە سەرم لێشیواو نەم دەزانی بە مایك وەلامی دەمەوە بۆیە بە نوسین گوتم خەلكی كوردستانم. . . . . . بەلام ئەو دیسان بە جوێنێكی تازە بابەت وەلامی دامەوە گوتی هەی. . . . . . . . . . . . . . . . بلی خەلكی كام شاری منیش بە هەر حال نوسیم خەلكی ئەم شارەم. . . . . . لەگەل گوتنم خەلكی ئەم شارەم دیسان كابرا گوتی خەلكی یەك شارین بەلام با هاورێیەكانم بە جوێنێك پێشوازیت لێبكەن چونكە ئیمە بەم شیوەیە دەبینە هاوریی یەكتری بە هەر حال جۆنێك بێت بۆ ماوەیەك مامەوە گوێگری تازە جوین فەلسەفە تازەكانیان بوم. . . . .

دیارە ناوەكانی ئەم ژورە كەزیاتر جوێن و قسەی ناشیریانیان بە یەكتر دەگوت بریتی بوون لە چلیت – تەیارەی مێك – خولە بیزە – بلە كەتەر- خەپە ی قازیفە – جسری عنكاوە. . . . . . . . تد هەموو ئەو ناوانە پاش كۆمەلێك جوین دان بەیەكتری بۆ دوا جار دەیان گوت میك ئازادە. . .

پاش گۆی گرتن لە زۆربەی زۆری گفتو گۆكانیان بۆم دەركەوت ئەم ژورە ژوری شەرە شارە هەرچەندە ئەوان بە یەكێكیان دەگوت كاكی ئەدمین مەهێلن ببێتە شەرە شار بەلام هەندێك موسر بوون لە سەر جوێن دان بە هەموو بەها پیرۆزەكانی ئەو شارەانە هەر چەندە تا ئێستاش نەم زانی ئەدمین مانای جیە بەلام ئەوان ناوە ناوە دەیان گوت ئەدمین فریی دە دەرەوە. . .

هەر چۆنێك بێت نەم توانی زۆر لەم ژورە بمێنمەوە ئەم جارە بە ماوسەكەم خۆم خستە ژورێكی تر كە رێك ناونیشانەكەی بە ناونیشانی پاسێكی نەفەر هەلگر دەچوو ئەگەر هەلە نەبم نوسرابوو كوردستان – بەرلین – ستۆكهۆلم – لندن

دیارە وا نیشان دەدرا ئەم ژورە بۆ یەكتر ناسین و گۆرینەوەی گۆرانی و قسەی خۆش بوو بەلام ئەوەی سەرنجی راكیشام لە سەرە تای ناونیشانی ئەم ژورە نوسراوە كوران – كچان ناوەكانی ئەم ژورەش بریتبوون لە دەوەن – نەرمین – سامال – رەوەند - سارا. . . . . . . كۆمەلێك ناوی تر ئەوەی لەم ژورە تێبینم كرد زۆربەی زۆری ئەوانەی هاتبونە ئەم ژورە كور بوون و ناوی خۆیان گۆری بوو بۆ ناوی كچان پاش گۆی گرتن لە قسەو گۆرانیەكان بۆم دەركەوت ئەم ژورەش كەسانێك رووی تێدەكەن بە مەبەستی ناسینی كچێك یان كورێك. . .

پاش ئەوەی ئەم ژوەرە شم جی هێشت و ماوسەكەم تۆزێك جولاند خۆم خستە ژورێكی تر كەوا نوسرابوو كوردستان جایەخانەی. . . . . . . . . . ئەوەش ناوی شارێك نوسرابوو دیارە ئەم ژوەرش وەك ژوەرەكەی تر بوو بەلام ئەم دوو ژورە دژی یەكتربوون وا دەر دەكەوت ناوە ناوە خەلكانی سەر بەم ژورە دزەیان دەكرد بۆ ژورەكەی ترو دەستیان بە شەرە شارو جوین دان بە یەكتری و قسەی ناشیرن بە خوشك و دایكی یەكتر ئینجا وەك تەیارەی مێك دەگەرانەوە شوێنی خۆیان بە مایك بە هەوالەكانیان دەگوت وەلا تازە خۆم خستە ژورەكەی ترو دایك و خوشكی ئەوان ئەو هاو ئەو ها لێكرد وەك بلیی رەبایەكی رژێمی گرتبێت!!!!

هەر لەگەل گەران بەدوای ناوی كوردستان بۆم دەركەوت رۆژانە نزیكەی 45 ژوربە ناوی كوردستان لە پالتاك لە رێگای مایك و جات كردن قسەو گفتو گۆ ئەنجام دەدەن هەر بۆیەش بۆ زیاتر ئاشنا بوونی ژورەكان بە تاواوی ئەم جارە ش خۆم خستە ژورێكی تر كە نوسرابوو كوردستان –كوران و كجانی ئاشق دیارە ئەم ژورەش وەك ژورەكەی تر ئەم ناوانە دەبینران فرمێسك – گریان – چاوەروان – بی وەفا. . . . . تد گۆرانیەكەی هونەرمەند كەمال عەلی كە دەلێت كاتێك عیشق لە خاج دەدرێت هێمن هێمن. . . . تد وەك مارشێك لەم ژورە دەبینرا پاش تەواو بوونی گۆرانیەكە ئەوانەی مایكیان وەردەگرت باسیان لەسەر بەسەرهات و بی وەفای بەرامبەرەكەیان دەكرد لەم ژورەش وەك دەبینرا كۆمەلێك ناوی ئافرەت هەبوو كەچی پاش چات كردن لەگەل یەكتری دەردەكەوت ئەوانیش ئافرەت نین بەلكو كورن و لە بۆسەن تا كچێك جاتیان لەگەل بكات. . . . . . . . . . . .

ژورێكی تر بە ناوی كوردستان كابرایەكی رۆژنامە نوس مایكی گرتبوو ئەوانەی لەم ژوەرش بوون ناوە ناوە دێرێكان دەنوسی و دەیان گوت باوكە خەریكە مێشكمان تێك دەچی ناكرێت كورتی كیتەوە. . . یەكێكی تر دەی گوت مایك ئازاد كە. . . ئازادی بۆ مایك. . . . . . . . . . .

كابرای رۆژنامە نوسیش وەك بلی پێش خۆی نابینت كە چی بۆ دەنوسرێت هەر گۆی نەدەدا و بەر دەوام بوو لە قسەكانی. . . .

ژورێكی تر نوسرابوو كوردستان - كەركوك دیارە لەم ژورە جەند كەسێك ناوەكانیان دەبینرا وەك باوە گور گور –لالۆ – شۆریجە – ئیمام قاسم بەلام ئەوەی تێبینم كرد ئەم ژوەرەش كە بۆ كەركوكیەكان دانرابوو كەسانی تریش دەیان توانی بێنە ئەم ژورە كەچی ئەوی باسی لێنە دەكرا مەسەلەی كەركوك بوو بەلكو لەم ژوەرش چوین دان و شەرە شار قسەی خۆشی ئامادە بوان بوو.

لە ژوریكی تر كە بەناوی كوردستان جایەخانەی ترو فس ئامادە بوان مایكیان وەردەگرت لەم شوێنەش مرۆڤ دیسان توشی نائومێدی دەبێتەوە. . .

هەر لە گۆی گرتن لە قسە بی مانا و قۆرەكان تا دەگاتە جوێن دان بە شەرەف و ناموسی یەكتری و ئەتك كردنی بەها پیرۆزەكانی شارە جوان و رەنگیەنەكانی كوردستان. . .

هەر بۆیەش لێرە دەكرێت پرسیارێك بێتە پێشەوە كە تەنها گەلی كورد بەم شێوەیە ئەنترنێت بەكار دەهێنێت و ئەو كاتە گرینگەی بەم شێوەیە بەسەر دەبات یان ئەوەش خۆ بەتال كردنێكە كە لاوانمان تەنها لە ژورێكی چۆل و بی دەنگ خیرەت دەیان گرێت قسە دەكەن؟؟؟؟؟